# هەڵوێستی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی بۆ قورئان لە نێوان سەدەی ٧-١٢ز/١-٦ک؛ شیکارییەکی ڕەخنەگرانە بۆ دیالێکتیکی تیۆلۆژی و سیاسی

**چیا جوهر عمر [١]، حیدر لشکری خضر [٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

دوای بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام و دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە زەوییەکانی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی، ململانێیەکی توندی سەربازی و سیاسی و ئایینی کەوتە نێوان موسڵمانان و ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی، مەسیحییەکانی ئیمپڕاتۆریاش هەر زو هەستیان بەوە کرد، گرنگە زانیارییان لەبارەی ئەم ئایینە نوێیە هەبێت، لەنێو ئایینەکەشدا بە پێویستیان زانیوە لەبارەی قورئانەوە بزانن، چونکە بنەمای سەرەکیی باوەڕ و کرداری موسڵمانانە. ئەم توێژینەوەیەش لەبارەی تێڕوانینی ئیمپڕاتۆریای بێزەنییە بۆ قورئان، هەوڵدەدات تێڕوانینی مەسیحییەکانی سنوری ئیمپراتۆریای بێزەنتی بەرانبەر بە قورئان بەدیاربخات، لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی قورئان وەک وتەی خودایی و ئینکاریکردن لە ڕاستیی پەیامبەرێتی پەیامبەری ئایینی ئیسلام و هێنانەوەی بەڵگە لە پەیمانی کۆن و نوێ بۆ سەلماندنی بۆچونەکانیان. پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، چ هۆکارێک وایکردووە مەسیحییەکانی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی قورئان وەربگێڕنە سەر زمانی یۆنانی؟ ئایا لەم وەرگێڕانەدا سەرکەوتو بوون؟ ئایا وێناکانیان بۆ قورئان، لەژێر کاریگەریی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بووە یان خۆیان وێنایەکی سەربەخۆیان هەبووە بۆی؟ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕو، مەسیحییەکانی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی بە ئامانجی تێگەیشتن لە باوەڕی موسڵمانان و بەکارهێنانی لە گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا و بۆ پارێزگاری لە باوەڕی ئایینی مەسیحی، هەوڵی وەرگێڕانی قورئانیان داوە بۆ زمانی یۆنانی. هەروەها دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم وەرگێڕانە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتو نەبو و چەندین گرفتی گەورەی هەبووە، تا ئاستی شێواندنی مانای ئایەتەکان و زۆرێک لە وێناکانیان لەژێر کاریگەریی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بووە. بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە سروشتی پەیوەندییە ئاڵۆزە مێژوویی و کولتورییەکانی نێوان هەردوو جیهانی ئیسلامی و مەسیحی لەو سەردەمەدا.

**وشە سەرەکییەکان:** ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی، قورئان، ئیلاهیاتی بەراوردکاری، مشتومڕی ئایینی، ستراتیژی ئایدیۆلۆژی.

## ١. پێشەکی [1]

ململانێی نێوان مەسیحییەکانی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی و موسڵمانان، بەهۆی ئەوەی دراوسێی یەکتر بون، توند و درێژخایەن بووە؛ گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی مەسیحییەکانی نێو ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی ڕێگای جۆراوجۆریان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی قورئان بەکارهێناوە، وەک وەرگێڕانی قورئان و وەرگرتنی زانیاری لە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە مشتومڕەکانیاندا دژی موسڵمانان و پارێزگاریکردن لە باوەڕی خۆیان، چونکە پێیان وابو پێویستە لەسەریان بەرگری لە باوەڕی ئایینیی خۆیان بکەن، دژی موسڵمانان و باوەڕدارانی ئایینەکەیان لەم ئایینە نوێیە بپارێزن.

گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە، لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵات یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان، لە هەموش هەستیارتر قسەکردنە لەسەر قورئان، چونکە قورئان بنەمای سەرەکیی باوەڕی ئایینی ئیسلامە، ئەوەی قسە لەسەر ئەم بابەتەش دەکات باوەڕدارانی مەسیحین، کە وێنا و تێڕوانینەکانیان لەبارەیەوە زۆربەی جار جێگای قبوڵکردنی موسڵمانان نەبوە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەروازە و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە: لە دەروازەدا کورتەیەک لە سەرەتای بەریەککەوتنی موسڵمانان و ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی خراوەتەڕو. تەوەری یەکەم بریتییە لە وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی یۆنانی و گرفت و لێکەوتەکانی. لەم تەوەرەدا هەوڵماندا بەدوای هۆکارەکانی وەرگێڕانی قورئان بۆسەر زمانی یۆنانی بگەڕێن و ئەو گرفت و کێشانەی لە وەرگێڕانەکەدا هەبوە، بخەینەڕو. لە تەوەری دووەمدا، باس لە بەرپەرچدانەوەی

ئیمەیڵی توێژەر: chia.jawhar@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 چیا جوهر عمر ، حیدر لشکری خضر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)

ڕێککەوتی: وەرگرتن 18 شوبات 2025؛ پەسەندکردن: 6 ئایار 2025

توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 28 تەمووز 2026 بڵاوکراوەتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp286-295

ڕەخنەکانی قورئان بەرانبەر مەسیحییەکان کراوە، ئەویش خۆی لە دو خاڵدا دەبینێتەوە: هاوەڵدانان بۆ خودا و دەستکاریکردنی ئینجیل، کە تێیدا ڕوانگە و بۆچونی نوسەرانی مەسیحیمان لەبارەی قورئانەوە بەدیارخستووە، بەتایبەت لەو خاڵانە ویستویانە بەرپەرچی ئەو بنەمایانە بدەنەوە، کە لەگەڵ هزری ئایینیانەی ئەواندا نەدەگونجا.

تەوەری سێیەم تایبەت کراوە بە ڕەخنە و سەرنجی مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە قورئان، ئەویش دابەش دەبێت بەسەر پێنج خاڵ، کە تێیدا قورئان وەک وتەی خودایی و پەیامبەریی محمدی پەیامبەری ئیسلام ڕەتدەکەنەوە و ڕەخنە لە و بنەمایانەی ئیسلام دەگرن، کە لەگەڵ باوەڕی ئایینی ئەوان و کتێبەکەیان یەکناگرێتەوە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵمانداوە دەستمان بە سەرچاوەی سەرەکیی نوسەرانی مەسیحیی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی بگات، بەتایبەتی ئەو نوسینانەی ماون و ئێستا بەردەستن، بۆئەوەی بتوانین بەسەر بەشێکی باشی وێنا و تێڕوانینیان لەبارەی قورئانەوە ڕابگەین، لە هەندێک شوێنیش ناچاربوین پشت بە سەرچاوەی دووەم ببەستین، بەهۆی بەردەستنەبونیان.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، کەڵک لە میتۆدی شیکردنەوە و بەراوردکاری بۆ خاڵە لێکچو و جیاوازەکانی نوسەرانی مەسیحی وەرگیراوە، بۆ گەیشتن بە هۆکار و مەبەستی ڕەخنەگران لە قورئان.

## ٢. سەرەتای بەریەککەوتنی ئیمپراتۆریای بێزەنتی و ئیسلام

دوای شکستی ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە شام و میسر و جێگیربونی هێزێکی نوێ لەم ناوچانەدا، کە ئەویش خیلافەی ئیسلامی بو، ئیمپراتۆریای بێزەنتی دراوسێیەکی نوێی بۆ دروستبو و پێویستی بەوە هەبو زانیاری لەبارەیەوە بزانێت و هەڵیسەنگێنێت، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەمەش پێویستی بەکات و بەریەککەوتن هەبو. ئەوەی لێرەدا گرنگە بەر لەوەی تێڕوانینی ئیمپراتۆریای بێزەنتی بۆ ئیسلام دەربخەین، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە زۆربەی توێژینەوە و سەرچاوەکاندا، ئەوانەی لە تێڕوانینی باوەڕدارانی مەسیحییان کۆڵیوەتەوە بۆ ئیسلام، تێڕوانینی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە سنوری دەوڵەتی ئیسلامی ژیاون لەگەڵ تێڕوانینی مەسیحییەکانی ناو سنوری ئیمپراتۆریای بێزەنتییان تێکەڵکردووە. بە پشتبەستن بە بەڵگەی ئەوەی پێش هاتنی ئیسلام دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەشێک بون لە سنوری ئیمپراتۆریاکە، یان گومانبردن بەوەی بەشێک لەو نوسەرە مەسیحییانە لە بنەڕەتدا بێزەنتی بوین، وەک یوحەنای دیمەشقی(٦٧٦-٧٤٩ز/ ٥٦-١٣١ ك)، یان بە بەڵگەی ئەوەی بەشێک لە نوسینەکانیان بە زمانی یۆنانی بووە وەک ثیۆدۆری ئەدیسایی(٧٥٠-٨٢٠ز/ ١٣٢-٢٠٥ك) و ئەوانی تر، بەڵام ئێمە تێڕوانین و بۆچونی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و تێڕوانینی مەسیحییەکانی نێو سنوری ئیمپراتۆریای بێزەنتیمان لە بارەی قورئانەوە لەیەکتر جیاکردۆتەوە، پێمانوایە بەم شێوەیە وردتر و زانستی ترە، چونکە ئەم دو کۆمەڵەیە وێنا و شێوازی لێکۆڵینەوە و ئاستی زانیارییان لەبارەی قورئان لە یەکتری جیاوازە، بەجۆرێک لە ناوەڕۆکی ئەم تەوەرەدا ناچاردەبین چەند جارێک لە شوێنی پێویستدا ئاماژە بەو جیاوازییانە بکەین و بە یەکتر بەراوردیان بکەین.

مەسیحییەکان لە ئیمپراتۆریای بێزەنتی، هەر لە سەرەتای بەریەککەوتنیانەوە لەگەڵ ئیسلام تاکو ناوەڕاستی سەدەی دوازدە، کە چوارچێوەی زەمەنی ئەم تەوەرەیە، وێنایەکی دیاریکراو و جێگیریان بۆ ئیسلام نەبو؛ بەڵکو هەر نوسەرە و بەشێوەی خۆی لە ئیسلامی ڕوانیوە، تەنانەت نوسەر هەبوە لە وێنایەک زیاتری بۆ ئیسلام هەبوە، بەڵام ئەوەی لەسەری کۆک بون، ئەوەیە پێیانوابووە ئیسلام ئایینێکی سەربەخۆ و نوێ نییە و وەک ئایینێکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ نەکردووە، زۆرینەیان وایانبینیوە موسڵمانان هەڵگەڕاوەیەکی تری نێو ئایینی مەسیحی بن، ئەوەتا (ئەناستاسیۆسی سینایی-Anastasios of Sinai) [1] ، کە یەکێکە لە یەکەمین ئەو نوسەرانەی لەبارەی ئیسلامەوە دواوە، موسڵمانان وەک هەڵگەڕاوەی ئایینی مەسیحی دەبینێت، پێیوابووە پێویستە ئەمانە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست (Griffith, 1987, 342,345)، لە دیدی ئەو چواندنیان بە هەڵگەڕاوەی مەسیحی بەهۆی ئەوەوە بووە موسڵمانان هاوشێوەی ئاریۆسییەکان ئینکاری خوداییبونی (عیسا) یان کردووە (Nikolau,2007, 4) واتە بە هەڵسەنگاندنی وێنەی عیسا لە قورئاندا شێوازی سەرەدەری خۆیان لەگەڵ ئیسلام دەستنیشانکردووە، بەڵام ئەمە وێنایەکی جێگری ئیسلام نەبوە. بەڵکو هەندێ جار بە یەهودییان زانیبون، چونکە خواردنی گۆشتی بەراز لەلایەن ڕێگە پێنەدراو بووە(Nikolau,2007, 4)، بۆیە بەدوای خاڵی هاوبەشی موسڵمانان و ڕیشەی ئایینەکانی تر دا گەڕاون بۆ دروستکردنی وێنایەکی گشتگیر لەبارەیان، (ئیثیمیۆس زیگابینیۆس- Euthymius Zigabenus) [2] پێیوابو ئیسلام، کۆمەڵێک باوەڕی کەموکورتە لە ئایینی یەهودی و مەسیحی (ئاریۆسی و نەستوری) و محمد کۆی کردۆتەوە(Kazhdan and Epstein, 1985,187)، هەندێک جاریش موسڵمانانیان بە بتپەرست لەقەڵەمداوە (Griffith, 1987, 345).

نەبونی وێنایەکی جێگیر و دیاریکراوی ئایینە نوێیەکە لەلای نوسەرانی مەسیحیی بێزەنتی، پەیوەندی بە کەمی زانیارییان لەبارەی ئیسلام و نەبونی دەزگایەکی ئایینی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئیسلام هەیە، ئەمە جگە لەوەی مەسیحییەکانی سنوری ئیمپراتۆریای بێزەنتی کەمتر تێکەڵاوی و بەریەککەوتنیان لەگەڵ موسڵمانان هەبو، بەراورد بە مەسیحییەکانی نێو سنوری جیهانی ئیسلامی. بەهۆی هەبونی سنور و بەردەوامیی ململانێی سیاسی و سەربازیی نێوان ئەم دو جیهانە، کە کاریگەریی تەواوی بەسەر وێنا و تێگەیشتنیان بۆ قورئان هەبووە، بەڵام وەنەبێت ئەم دو جیهانە لێکدابڕاو بوبن؛ بەڵکو نوسەرانی بێزەنتی زۆر سودیان لە نوسین و گفتوگۆ و مشتومڕی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بینیوە، لەڕێگەی بازرگانی و گەشتیاری و شەڕەوە بەدەستیان گەیشتووە ، بەتایبەتی ئەو نوسینانەی بە یۆنانی نوسرابون (Caesarea, 2018,1)، ئەمەش مانای ئەوەیە تارادەیەک لەژێر کاریگەریی وێنای مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بون.

سەبارەت بە قورئان، لە وێنای مەسیحییەکانی نێو سنوری ئیمپراتۆریای بێزەنتی، بۆ ئەوەی وێنایەکی ڕون و دیاریکراومان بۆ دەربکەوێت، ئەم تەوەرەمان بەسەر سێ خاڵی سەرەکیدا دابەشکردووە:

أ- وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی یۆنانی و گرفت و لێکەوتەکانی.

ب- بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەکانی قورئان بەرانبەر مەسیحییەکان.

ج- ڕەخنە و سەرنجی مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە قورئان.

### ١.٢ وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی یۆنانی و گرفت و لێکەوتەکانی:

مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی، بە یەکێک لە دێرینترین ئەو نەتەوانە دادەنرێن، کە قورئانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی یۆنانی، کە بە (قورئانی یۆنانی- Coranus Graecus) ناسراوە، ئەوەی پێویستە بگوترێت- تا ئێستاشی لەگەڵدابێت- ناڕونی و لێڵیی زۆر لەبارەی چەند لایەنێکی شاراوەی ئەم وەرگێڕانە هەیە، یەکێک لەو لایەنانە هیچ کەسێک زانیاری لەبارەیەوە نییە ئەوەیە، کێ ئەم قورئانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی یۆنانی؟ توێژەران بیروبۆچونی جیاجیایان لەبارەی وەرگێڕەکەوە هەیە، بۆ نمونە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp286-295

کریستیان هۆگڵ پێیوایە ئەگەر هەیە موسڵمانێکی یۆنانیزمان بوبێت ( Hogel, 2012, 174)، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، چونکە وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانێکی تر لەلایەن موسڵمانانەوە لەم قۆناغەدا ڕێگەپێدراو نەبوە، پێیانوابو قورئان دەبێت تەنیا بەزمانی عەرەبی بخوێندرێتەوە، ئەگەر وەربگێڕدرێت مانا سەرەکییەکانی لەدەستدەدات و دەبێتە هۆی شێواندنی قورئان. توێژەرێکی تر چەند ئەگەرێکی خستۆتەڕو، پێیوایە وەرگێڕەکە زمانی دایکی عەرەبی نەبوە، بەدوریشی دەزانێت یۆنانی بوبێت، بەهۆی ئەوەی لە وەرگێڕانەکەدا لە هەردو زماندا گرفتی هەیە، بەڵکو زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە مەسیحییەکی سریانی بوبێت( Brzozowska and Leszka,2022, 369)، دەکرێت ئەم ئەگەرە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بێت، چونکە زۆرێک لە سریانییەکان بەهۆی ئەوەی پێشوتر بەشێک بون لە ئیمپراتۆریای بیزەنتیی ڕۆژهەڵات و دواتریش کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامی، هەردو زمانەکەیان زانیوە، ژمارەیەک لە نوسەرەکانیان جگە لە سریانی نوسینەکانیان بەزمانی یۆنانی بون.

هەروەک چۆن وەرگێڕەکە نادیارە، بەهەمان شێوە کاتی وەرگێڕانیشی دیارنییە، بەڵام ئەوە ڕونە ئەم وەرگێڕانە بۆ بەر لە ساڵی(٨٧٠ز) دەگەڕێتەوە، چونکە لەم ساڵەدا لەژێر دەستی (نیکیتاسی بیزەنتی) بووە. قورئانی یۆنانی، لە (٨٢) پارچە نوسراو پێکدێت و بەهۆی ئەوەی نیکیتاس لە کتێبێکی خۆیدا لەژێر ناوی (بەرپەرچدانەوەی قورئان) بەکاریهێناوە، ئەمە هۆکاربووە بۆ پاراستنی ئەم وەرگێڕانە، چونکە وەرگێڕدراوە بنەڕەتییەکە ونبووە(Hogel, 2014, 66-67,72)، ئەمەش مانای ئەوەیە وەرگێڕانی تەواوی قورئان نییە؛ بەڵکو تەنیا بەشێکی لەبەردەستە. دەکرێت کۆمەڵێک هۆکار لەپشت وەرگێڕانەکەوەبێت، لەهەمووی دیارتر، بەهۆی ئەو ململانێ سیاسی و ئاینییەی بەردەوام لە نێوان ئیمپراتۆریای بیزەنتی و دەوڵەتی ئیسلامیدا هەبو، ئیمپراتۆریای بیزەنتی بە گرنگی زانیوە زانیاری لەبارەی سەرچاوەکانی باوەڕی ڕکابەرەکەیەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکات، چونکە قورئان بنەمای سەرەکیی باوەڕی موسڵمانانە، ئەمە جگە لەوەی دەبینین زانایانی ئاینیی مەسیحی سودیان لەم قورئانە وەرگێڕدراوە وەرگرتووە و بۆ گفتوگۆ و مشتومڕەکانیان دژی موسڵمانان بەکاریانهێناوە.

سەبارەت بە باشی و خراپیی ئاستی وەرگێڕانی قورئانە یۆنانییەکە، بە پشتبەستن بەو دەقانەی لە نوسینەکانی نیکیتاسی بیزەنتی ماون، هەڵسەنگێنراوە، دەرکەوتووە وەرگێڕانی قورئانی یۆنانی زۆرتر وەرگێڕانێکی وشەیی بووە، بۆیە لەلایەن توێژەرانی بوارەکەوە بیروبۆچونی جیاوازیان لەسەر ئاستی ئەم وەرگێڕانە هەیە. بەر لە هەمو شتێک لە وەرگێڕانەکەدا دەردەکەوێت وەرگێڕی یۆنانی، قورئانی بە ١١٣ سورەت هەژمار کردووە، بەجۆرێک لە سورەتی (البقرة) ەوە دەستپێدەکات و سورەتی (الفاتحة) ی پشتگوێ خستووە و وەک سورەتێکی سەربەخۆ هەژماری نەکردووە، لەکاتێکدا قورئان ١١٤ سورەتە (Brzozowska and Leszka,2022, 370)، ئەمە جگە لەوەی یەکێک لە توێژەران پێیوایە وەرگێڕانەکە بەشێوەیەکە هەندێک جار تێگەیشتن لێی ئاسان نییە، ئەگەر بێتو قورئانە عەرەبییەکە لە تەنیشتییەوە نەبێت؛ بەهۆی وەرگێڕانی وشەییەوە کە لەگەڵ ڕێزمانی یۆنانیدا ناگونجێت، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی پێشگر و پاشگرەکان، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی یۆنانی(Ulbrecht,1941,226-227)، سەرەڕای چەندین ڕەخنەی تر، وەک ئەوەی توێژەران پێیانوایە وەرگێڕی قورئانی یۆنانی لێهاتو نەبوە، یەکێک لە هۆکارەکانیشی— دەگەڕێننەوە بۆ فراوانیی وشەسازیی زمانی عەرەبی بەرانبەر زمانی یۆنانی، بۆیە توێژەران چەند لایەنێک لە هەڵەکانی ئەم وەرگێڕانە دیاری دەکەن، بۆ نمونە، هەڵەی وەرگێڕ لە سورەتی(الاخلاص)کەتێدا وشەی (الصمد)ی بە (Holosfyros) وەرگێڕاوە، کە ئەم وشەیە بەتەواوی مانای وشە عەرەبییەکە ناپێکێت، یان لە وەرگێڕانی ناوی سورەتەکان هەندێکیان بە هەڵە وەرگێڕدراون، بۆ نمونە ناوی سورەتی (الاعراف)ی بە (Gnorismata) وەرگێڕاوە، ئەم وشەیەش بەواتای (شتە ناسراوەکان) دێت لە زمانی یۆنانیدا، یان گۆڕینی ناوی ئیسرائیل لە شوێنی ناوی پەیامبەر عوزێر لە سورەتی(التوبة) و بەکارهێنانی ڕاناوی مێینە لە بری ڕاناوی نێرینە(Hogel, 2012, 176-178,180) و چەندین نمونەی دەق هەن جیاوازن لەگەڵ قورئان خۆی، وەک گۆڕینی ناوی عیسا بە وشەی خودا و چەندین هەڵەی تری لەم شێوانە (Ulbrecht,1941,229,232)، لەگەڵ ئەوەشدا هەمو توێژەران بەکارێکی خراپی نازانن، بەڵکو توێژەر هەیە پێیوایە وەرگێڕانەکە لە ئاستێکی باشدایە(Versteegh,1984 , 60)، چونکە دەستپێکێکی باش بووە بۆ جیهانی مەسیحی و سەرەتایەک بووە بۆ تێگەیشتن لە بەشێکی قورئان، بەتایبەتی ئەوەی کەمتر کێشەی هەبووە لە وەرگێڕاندا. بەڵام بونی ئەم هەمو هەڵە شێوە جیاوازانە لە وەرگێڕانە یۆنانییەکە، کاریگەریی کردۆتە سەر گۆڕینی مانای ڕستەکان و بەهەڵە تێگەیشتنی خوێنەر لە مەبەست و واتای ناوەڕۆکی قورئان.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بزانین ناسینی نیکیتاسی بیزەنتییە، تا بزانین لە بەکارهێنان و پاراستنی قورئانە یۆنانییەکە، وەک خۆی، چەند ڕاستگۆ بووە. سەبارەت بەژیانی نیکیتاسی بیزەنتی، ئەوەی بەردەستە و لەبارەیەوە زاندراوە بەهۆی ناونیشانەکەیەوە دیارە خەڵکی (بیزەنتە- کۆنستەنتینەپۆڵ) بووە، لەماوەی نێوان ساڵانی ٨٤٢ بۆ ٩١٢ز چالاکیی هەبوە(Versteegh,1984 , 54). بەپێی نوسینەکانی پێدەچێت ڕاهیب بوبێت، چونکە زانیاریی قووڵی لەبارەی لاهوت و لۆژیک و باوەڕی ڕێبازی ئەرثۆدۆکسی— هەبوە، واپێدەچێت پلەیەکی بەرزی کارگێڕی و کۆمەڵایەتیشی لە ئیمپراتۆریادا هەبوبێت، بەڵام هیچ زانیارییەکی لە زمانی عەرەبیدا نەبوە، تەنانەت بەریەککەوتنیشی لەگەڵ موسڵمانانەدا نەبوە (Ulbrecht,1941,223)، ئەوەی پشتڕاستی ئەو ئەگەرەش دەکاتەوە پلەیەکی بەرزی هەبوبێت ئەوەیە، ئەم قورئانە وەرگێڕدراوە لەبەردەستی خەڵکی ئاسایی نەبوە، ئەوەی تائێستا زاندراوبێت تەنیا نیکیتاس لە نوسینەکانی خۆیدا بەکاریهێناوە، ئەویش لە کتێبی(بەرپەرچدانەوەی قورئان). توێژەرێک پێیوایە دەکرێت بەشێک لەو هەڵانەی لە وەرگێڕانی قورئانی یۆنانی هەیە، بدرێتە پاڵ نیکیتاس، ئەو لە گواستنەوەی زانیارییەکان هەڵەی کردبێت یان بەمەبەست دەقەکەی دەستکاری کردبێت، چونکە نیکیتاس لە شیکاری قورئاندا هەوڵیداوە لەگەڵ ئینجیل بیگونجێنێت، واتە دەتوانین بڵێین نیکیتاس لە گواستنەوەی قورئان بۆ نێو کتێبەکەی ڕاستگۆ نەبوە، بەتایبەت کە مەبەستی سەرەکیی لە بەکارهێنانی قورئان و ئامادەکردنی ئەم کتێبە بۆ مشتومڕ بووە، بەڵام نوسینەکانی ئاراستەی جیهانی ئیسلامی نەکردووە، بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەی مەسیحییەکانی ناوخۆی ئیمپراتۆریای بیزەنتی بووە بۆ ئەوەی زانیارییان لەسەر باوەڕی موسڵمانان هەبێت و باوەڕ بەم ئاینە نوێیە نەهێنن ( ersteegh,1984،57,59,66 ). هەرچەندە توێژەرێک پێیوایە مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بیزەنتی، لە تێڕوانینیان بۆ قورئان، شوێنی نیکیتاس کەوتن (Lee,2019,223)، بەڵام پێیانوایە سەرەڕای ئەوەی ئەم کتێبەی نیکیتاس بەزمانی یۆنانی نوسراوە و بەشێک لە ئایەتەکانی قورئانیشی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام هەر نەبوە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە لای نوسەرانی مەسیحیی نێو ئیمپراتۆریای بیزەنتی لە تێڕوانینیان بۆ قورئان، بەڵگەشیان ئەوەیە تەواوی ئەو نوسەرانەی لەم قۆناغە باسیانکردون، تەنیا (ئیثیمیۆس زیگابینیۆس) لە چەند بابەتێکی

کەمدا قورئانە یۆنانییەکەی لەڕێگەی کتێبەکەی نیکیتاسی بێزەنتیدا بەکارهێناوە، لە نوسین و گفتوگۆی نوسەرانی تردا نابینرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە قورئانی وەرگێردراوی یۆنانی و کتێبەکەی نیکیتاس بۆ چینێکی دیاریکراو بووە و نەکەوتۆتە دەست خەڵکی گشتی.

### ٢.٢ بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەکانی قورئان بەرانبەر مەسیحییەکان:

سەرەڕای ئەوەی نوسەرانی مەسیحیی بێزەنتی بەوە دەناسرێن کە زۆر باش ئاگاداری ئایینی ئیسلام نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاش بەریەککەوتنیان لەگەڵیان قۆناغبەقۆناغ زانیارییان لەبارەی قورئان گەشەی سەندووە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لەنێو قورئاندا ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی هەبوە، ئەوانیش بەپێی تێگەیشتنیان لەم ئایەتانە و ئاستی زانیارییان، هەوڵیانداوە بەرپەرچی تێگەیشتنی قورئان بۆ ئایینی مەسیحی بدەنەوە، گرنگترین ئەو بابەتانەش بریتی بون لە:

#### أ. هاوەڵدانان بۆ خودا:

جەختکردنەوەی گوتاری قورئان لەسەر ئەوەی مەسیحییەکان سێیانەپەرستن و هاوەڵ بۆ خودا پەیدادەکەن، یەکێکە لە بابەتە هەرە سەرەکی و دیارەکانی مشتومڕی نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان لە ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوادا، لە هەر شوێنێک موسڵمانان و مەسیحییەکان بە یەکگەیشتبن یان لە ڕێگەی نامەوە گفتوگۆیان کردبێت، ئەم بابەتە بووەتە خاڵی دەستپێکی گفتوگۆ و مشتومڕەکانیان، چونکە پێیانوایە هێرشکردنە بۆ سەر باوەڕی سەرەکیی مەسیحییەکان. لەم ڕووەوە ئەناستاسیۆسی سینایی، یەکەمین مەسیحییە، تەنانەت پێش یوحەنای دیمەشقیش، بەرپەرچی قورئانی داوەتەوە، کە بە سێیانەپەرست ناوی بردون(Griffith, 1987, 348)، هەرچەندە ئەو لە نوسراوەکانیدا ناوی قورئان و ئیسلامی نەهێناوە، تەنیا بە سەراسینەکان ناوی بردون و وەک هەڵگەڕاوەیەکی مەسیحی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەوەی ئەو باسیکردووە بۆچونی قورئانە لەسەر مەسیحییەکان، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە قورئانی لەبەردەست نەبووە و سەرچاوەکانی زارەکی بوون، چونکە ئەو لەسەردەمی خیلافەی ڕاشدین و سەرەتاکانی ڕووبەڕووبونەوەی سوپای ئیسلام و ئیمپراتۆریای بێزەنتیدا ژیاوە، لەم قۆناغەشدا تەنانەت موسڵمانان خۆشیان هێشتا قورئانیان لە کتێبێکدا لەبەردەست نەبوە، دەکرێت ئەو زانیاریانەی لەبارەی عیسا هەیبووە، گوێی لێبوبێت و وەری گرتبێت. پاش نزیکەی سەدەیەک دواتر ئیمپراتۆر(لیۆی ئایسوری3 Leo) [3] لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز٦١-١٠١ک/٦٨١-٧٢٠ز) بۆی ناردبو و تێیدا داوای موسڵمانبونی لێکردبو و ڕەخنەی لە باوەڕی مەسیحییەکان گرتبو، لەوێدا ئیمپراتۆر لیۆ زۆر بەتوندی ڕەخنە لە قورئان دەگرێت، کە بە سێیانەپەرست ناوزەدی کردون و دەڵێت: "ئەفرەت لەو کەسەی باوەڕی بە دو یان سێ خودا هەیە، کە لە بنەچەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن، باوەڕمان بە یەک خودا هەیە، بەڵام تیشکی خۆر لە خودی خۆر جیاناکرێتەوە" (Jeffry, 2013, 300-3001)، بۆیە ئەناستاسیۆسی سینایی وەک وەڵامێک بۆ ئەو باوەڕەی بە فرەپەرست ناوی بردوون، دەڵێت بەر لەوەی هەرکەسێک لەگەڵ عەرەبەکان گفتوگۆ بکات، پێویستە سەرکۆنە و نەفرەتیان لێبکات، چونکە ئەمە وێنایەکی درۆیینەیە بۆمان دروستکراوە(Griffith, 1987, 348-349; Schdler,2018, 120)، نیکیتاسی بێزەنتیش سەرەڕای ئەوەی ئەوە ڕەتدەکاتەوە هاوەڵیان بۆ خودا دانابێت، پێیوایە موسڵمانان ناتوانن لە سێیانەی پیرۆز تێبگەن بۆیە لە قورئاندا بە سێیانەپەرست ناویان هێناون (Lee,2019,222).

ئەوەی جێگای تێبینییە ئەو مەسیحییانەی لە سنوری ئیمپراتۆریای بێزەنتی ئەو ڕەخنەیەی قورئانیان ڕەتکردۆتەوە، بۆ پارێزگاریکردن لە باوەڕی خۆیان، تەنیا پشتیان بە ئینجیل بەستووە و وەڵامەکانیان لاوازە، پێچەوانەی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر هەمان بابەت بەنێو دەقەکانی قورئاندا گەڕاون، ویستویانە بیکەنە بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی خۆیان و زانیویانە موسڵمانان باوەڕ بە بەڵگەی ئینجیل ناکەن وپێیانوایە دەستکاری کراوە و گۆڕانکاریی بەسەرداهێنراوە، بۆیە چەندین ئایەتیان لە سورەتی جیاجیا بەنمونە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی نەک هەر پارێزگاری لە باوەڕی خۆیان بکەن، بەڵکو هەوڵی سەلماندنی ئەوەشیانداوە بڵێن موسڵمانانیش باوەڕیان بەوەیە عیسا ئەفرێنراو نییە و ئافرێنەرە، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ڕادەی تێگەیشتن و دەستراگەیشتنی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتییە بە قورئان، بەراورد بە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، کە زمانی نوسینی قورئانیان زانیوە و شارەزاییی باشیان هەبوە و گفتوگۆ و مشتومڕی بەردەوام لەنێوان زانا مەسیحی و موسڵمانەکاندا هەبو. هەر ئەم ئاستی تێگەیشتن و شێوازی کارکردنە، هۆکارێکی سەرەکی بو کە تێڕوانینی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتمان لە تێڕوانینی مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی، جیاکردۆتەوە.

#### ب. ئینجیل وەک دەقێکی دەستکاریکراو:

مەسیحی و موسڵمانان، هەر لە سەرەتای بەریەککەوتنیانەوە لە مشتومڕدابون لەسەر ئەوەی ئەو ئینجیلەی لەبەردەستیانە ئایا گۆڕانکاریی تێداکراوە یان نا؟ بەهۆی ئەوەی لە قورئاندا لە چەند ئایەتێک ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کتێبە ئاسمانییەکانی پێشتر گۆڕانکارییان تێداکراوە [4]، بۆیە مەسیحییەکان بەرپەرچی ئەم ڕەخنەیان داوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن موسڵمانان لە پەیمانی کۆن و نوێ ئەو شتانە قبوڵ دەکەن کە لەگەڵ دۆزی ئەوان دەگونجێت یان پاڵپشتی باوەڕیان دەکات، بەڵام ئەوەی دەشتی دژی ئەوان بەکاربهێنرێت، ڕەتی دەکەنەوە و قبوڵی ناکەن (Griffith, 1987, 348; Nikolau,2007, 103). ئیمپراتۆر لیۆ، لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە بۆ خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ناردۆتەوە، تێیدا ڕوی دەمی کردۆتە خەلیفە و گوتویەتی ئەوە محەمەد فێری کردون، ئێمە نوسینی کتێبە پیرۆزەکانمان گۆڕیوە، ئەوەی ئەو دەیڵێت خوی ناشیرینی هەندێک لە جولەکەکانی مەدینە بووە(Jeffry, 2013, 280)، ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن، کە مەبەستی زانیارییەکانی قورئانە، کە لە کتێبی پیرۆزدا ناوی محەمەد بە ئەحمەد هاتووە و پێشبینی هاتنی کراوە و مەسیحییەکان سڕیویانەتەوە، ئەمە تۆمەتە بۆ کتێبی پیرۆز دروستکراوە ( Nikolau,2007, 17; Palombo,2015 246,)، لیۆ وەک ئاڵەنگارییەک بۆ خەلیفە و موسڵمانان بۆ بەرپەچدانەوەی قورئان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر وادابنێن قورئان ڕاستدەکات و ئێمە کتێبە پیرۆزەکانمان گۆڕیوە و دەستکاریمان کردووە، ئەی کتێبە دەستکارینەکراوەکانی ئێوە دەیڵێن لەکوێن؟ ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێیەتی، پیشانمان بدەن (Jeffry, 2013, 309). ئەوەی جێگەی تێبینییە وەڵامی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی بۆ موسڵمانان لەسەر ئەم بابەتە زۆر سادەیە بەراورد بە وەڵامی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، نەیانتوانیوە باوەڕ بە موسڵمانان بهێنن کە کتێبەکانیان دەستکاری نەکراون، بەهۆی نەهێنانەوەی هیچ بەڵگەیەکی قورئانی وەک ئەوەی مەسحییەکانی ڕۆژهەڵات کردویانە، یان هێنانەوەی بەڵگەیەکی ماددی، پێدەچێت تەنیا ئەوەندە زانیارییان لەسەر قورئان هەبوبێت، کە گوێیان لێبووە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆیان گواستراوەتەوە، ئەمانەش زانیاریی سەرەتایی بون، بەشی ئەوەی نەکردووە لەم گفتوگۆیانەدا بتوانن ڕووبەڕوی ئەم ڕەخنانە

بوەستنەوە، تەنیا ئەوەندە بووە نکوڵیان لەو بابەتانە کردووە، کە پێیانوابووە موسڵمانان بەهەڵە لێیان تێگەیشتون و ئینجیل دەستکاریی نەکراوە.

### ج. ڕەخنە و سەرنجی مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە قورئان.

مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە ئەنجامی پەیوەندییان لەگەڵ موسڵمانان و گواستنەوەی زانیاری لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆیان و وەرگێڕانی قورئان، وردە وردە زانیارییان لەم بارەیەوە زیادیکردووە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کۆمەڵێک بابەت هەیە لە نێو ئەم دەقە ئاینییە لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحییەکان ناگونجێ و بەپێی تێگەیشتنی ئاینییانەی خۆیان بە لادان و هەڵەیان زانیوە ، ئەمەشیان وەک چەکێک بینیوە بۆ پارێزگاری لە باوەڕی خۆیان لە گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا بەکاریهێنن، بۆیە لەنێو قورئاندا ڕەخنەیان لە ژمارەیەک ئایەتی جیاجیا گرتووە.

## ٣. ڕەتکردنەوەی قورئان وەک پەیامێکی خودایی:

یەکێک لەو بابەتانەی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی بەتەواوی لەسەری کۆک بون ئەوەبو، قورئان پەیامێکی خودایی نییە و زۆر بەتوندی ڕەتیانکردۆتەوە، لە ئاکامی پەیوەندیی مرۆڤێک بە خوداوە هاتبێتە خوارەوە، ئەمەش وەک وەڵامێک بۆ ئەو ئایەتانەی کە لە سورەتە جیاوازەکانی نێو قورئاندا هاتووە، وەک (الحجر/ ٩) و (یوسف/ ٢)، (النحل/ ٨٩) و (البقرة/ ١٧٦) و (الشعراء/ ١٩٢-١٩٥)، هەرچەندە نوسەرانی مەسیحی لە نوسراوەکانیاندا کاتێک ویستویانە ئاماژە بە بابەتێکی نێو قورئان بکەن، ڕاستەوخۆ ناوی قورئانیان نەهێناوە، بەڵکو بە چەندین دەستەواژەی تر ناویان بردووە، وەک( وتەکانی محەممەد، لە ئاینەکەیاندا، کتێبەکەیان)، تەنیا ئیمپراتۆر لیۆی ئایسوری سەرەڕای بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانەی تر کە ناومانبردن، لە یەکێک لە ڕەخنەکانی قورئانی بە (فورقان) ناوهێناوە (Palombo,2015 ,238-239)، ئەم ناوەش یەکێکە لە سێ ناوە دیارەکەی کە بۆ فەرمایشتی خودا لە ئیسلامدا بەکارهاتووە، کە بە واتای جیاکاری دێت لە نێوان ڕاستی و هەڵە و ڕێگای هیدایەت و کوفر و گومڕایی ڕوندەکاتەوە (إبن تيمية،1995، 8). ئەمەش گۆڕانکاری و بەرەوپێشچونێکی نوێیە، بۆ یەکەم جارە لە نوسراوی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، کەسێک یەکێک لە ناوەکانی قورئان بهێنێت، ڕەنگە ئەمەش کاریگەریی شوێنی ژیانی منداڵیی ئیمپراتۆر لیۆ بێت، چونکە لەسەر سنوری جیهانی ئیسلامی ژیاوە و تێکەڵاویی لەگەڵیان هەبوە و زانیاریی باشی لەسەر قورئان هەبوە، ئەمەش لە ڕەخنەکانی دەردەکەوێت، کە لەشوێنی خۆیاندا باسیان دەکەین.

نیکیتاسی بێزەنتی، یەکێکی ترە لەو نوسەرانەی لە کتێبەکەی پوچەڵکردنەوەی قورئاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، موسڵمانان بانگەشەی خوداییبونی قورئان دەکەن، بەڵام سەرکۆنەی ئەم وتەیەی کردووە، چونکە پێیوابو پێغەمبەر نوسەری قورئانە، بۆیە پڕە لە وتەی نەشیاو و نەگونجاو لەگەڵ باوەڕی مەسیحی، بۆیە دەشێ لە دژی موسڵمانان بەکاربهێنرێن، لەبەر ئەمە نیکیتاس پێیوایە شەیتان سەرچاوەی ئیلهامی پەیامبەری ئیسلامە و ناشێ خودای پێغەمبەری موسڵمانان هەمان خودای مەسیحییەکان بێت (Versteegh,1984 ,55)، دیارە مەبەستی نیکیتاس لە جیاکردنەوەی خودای مەسیحییەکان لە خودای موسڵمانان ڕاستەوخۆ بە کافر زانینی موسڵمانانە نەک هەڵگەڕاوەی ئاینی مەسیحی، وەک ئەوەی بەشێک لە مەسیحییەکان باوەڕیان وابو، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە نیکیتاس زانیاریی هەبوە کە لە قورئاندا لە چەندین شوێن بە ڕونی ئاماژەی بۆ کراوە، عیسای کوڕی مەریەم لە پەیامبەرێک زیاتر نییە، بۆیە نیکیتاس ئەمەی بەرانبەر بە عیسا بە کوفر زانیوە.

نیکیتاس چەندین بەڵگەی تری بۆ سەلماندنی خودایینەبونی قورئان هێناوەتەوە و بەراوردی کردووە بە ئینجیل و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە قورئان هیچ یەکێک لە بنەماکانی ئینجیل و خوداییبون و ڕیشەی مێژویی و یاسایی تێدا نییە، بەڵکو هەموی سەرلێشێواوییە (Myendorf, 1963, 122).

مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی، سەرەڕای ئەوەی پەیامبەری ئیسلام بە نوسەری سەرەکیی قورئان دەزانن، بەڵام ئیمپراتۆر لیۆی ئایسوری لە نامەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەریەکە لە (عومەری کوڕی خەتاب ٥٨٦ یان ٥٩٠-٦٤٤ز ) و (عەلی کوڕی ئەبی تالیب٥٩٩-٦٦١ز) و (سەلمانی فارسی٥٦٨-٦٥٤ز) قورئانیان ئامادەکردووە(Hoyland,1994, 175-176). لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە، بەشێکی قورئان لەلایەن ئەمانەوە دانراوە. ئەوەی جێگای تێبینییە ئیمپراتۆر لیۆ تەنیاکەسە ئەم بابەتەی لەنێو جیهانی مەسیحیدا وروژاندووە و ناوی ئەم کەسایەتییانەی هێناوە، بە پێچەوانەی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، کە دو کەسایەتیی تریان بە ناوەکانی(وەرەقەی کوڕی نەوفەل و سەرگیۆس بوحەیرا) بە نوسەر و یارمەتیدەری پەیامبەری ئیسلام بۆ نوسینی قورئان دەزانی. ئەوەی شایەنی پرسیارە لێرەدا لەم کەسایەتییانەی کە لیۆ ناوی بردون، بۆچی (عوسمانی کوڕی عەفان)ی تێدانییە؟ لە کاتێکدا ئەو بە کۆکەرەوەی قورئان دادەنرێت لە مێژوی ئیسلامدا.

سەرەڕای ڕەتکردنەوەی خوداییبونی قورئان، ئیمپراتۆر لیۆی ئایسوری پێیوایە ئەو قورئانەی بەردەستە، (مەبەستی ئەو قۆناغەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە ٦٧٥-٧٤١ز)، لەلایەن (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی ٦٦٠-٧١٤ز/ ٣٩- ٩٥ک)، دەستکاری کراوە و گۆڕانکاریی تێداکراوە، بەجۆرێک هەمو کتێبە کۆنەکانی (قورئانەکانی پێشوتر) ی کۆکردۆتەوە و بە قورئانێکی تری گۆڕیوە، کە بە پێی ئاوەزی خۆی ئامادەی کردووە، پاش نوسینەوەشی بۆ گشت ناوچەکانی وڵاتی ناردووە ( Myendorf, 1963, 126)، لەم گۆڕانکارییەشدا چەند بابەتێکی کەمی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب ڕزگاریان بووە و نەگۆڕدراون، بەهۆی ئەوەی حەجاج نەیتوانیوە بیانشارێتەوە (Jeffry, 2013, 298). دیارە نوسەرانی مەسیحی ئەم قۆناغەیان بە زیادکردنی سەروزێر و خاڵبەندیی قورئان زانیوە، کە لەلایەن حەجاجەوە ئەنجامدراوە، کە بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان بێت ئامانج لێی پاراستنی قورئان لە شێواندن و ئاسانکاریی خوێندنەوە بووە (العسكري،1963، 13).

سەرەڕای هێرشکردنە سەر قورئان و ڕەتکردنەوەی لەلای نوسەرانی مەسیحیی ئیمپراتۆریای بێزەنتی، بەڵام نیکیتاسی بێزەنتی لە یەکێک لە بۆچونەکانی دان بەوەدادەنێت قورئان بنەمای ڕەوشتیی بێ کەموکوڕی هەیە، بەڵام پێغەمبەر بۆ شاردنەوەی مەبەستی تایبەتیی خۆی بەکاریهێناوە (Versteegh,1984 ,56)، هەرچەندە نیکیتاس لەڕێگەی ئەم دەقەوە ویستویەتی هێرشبکاتە سەر کەسایەتیی پەیامبەری ئیسلام، بەڵام دانان بەوەی قورئان بنەمای ڕەوشتیی هەیە، گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە تێڕوانینی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی بەرانبەر بە قورئان، چونکە تەواوی نوسەرانی مەسیحی بە نیکیتاسی بێزەنتیشەوە، بەڕونی ئەوەیان ڕاگەیاندووە قورئان لەسەرەتاوە تاکۆتایی هەڵەیە و نەگونجاوە.

## ٤. پەیامبەری ئیسلام و سروش و پەڕجو:

بابەتی سروشی خودایی، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی مەسیحییەکانی نێو ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی هەر لە سەدەی هەشتەوە لەگەڵ موسڵمانان گفتوگۆیان کردووە و زۆر بەتوندی ڕەتیانکردۆتەوە، پەیامبەری ئیسلام، لەلایەن خوداوە سروشی بۆ هاتبێت، بەڵگەیەک کە لە تێڕوانینی مەسیحیانەی خۆیانەوە ئاماژەیان بۆی دەکرد، ئەوەبو لە پەیمانی کۆن و نوێدا هاتنی محمدی پەیامبەری ئیسلام ئاماژەی بۆ نەکراوە، بۆیە دەیانگوت پەیامبەرێکی نادروستە (Versteegh,1984 ,52-53)، (ثیۆفانیس-Theophanes ) [5] و (ثیۆفیلوس- Theophilus) [6] دو نوسەری هاوسەردەمی مەسیحیی بێزەنتین، لە کتێبە مێژوییەکەیاندا باس لە ژیانی پەیامبەری ئیسلام دەکەن، لەوێدا هێرشدەکەنە سەر سروشی خودایی و دەڵێن: ″ئەو نەخۆشیی (فێ) و سەرئێشەی توندی هەبوە، هەوڵیداوە ئەو نەخۆشییە لە خەدیجەی خێزانی بشارێتەوە و فریوی بدات، گوتویەتی فریشتەیەکم بەناوی جوبرائیل بینیوە، بەهۆی ئەوەی بەرگەی بینینیم نەگرت، بێهۆش بوم و کەوتمە سەر زەوی، بۆیە چووەتە لای ڕاهیبێکی مەسیحی، کە بەهۆی باوەڕە چەوتەکانییەوە دورخرابۆوە لەوێ دەژیا، پێی گوتووە ئەمەی تۆ بینیوتە ئەو فریشتەیەیە، کە خودا بۆ پەیامبەرانی دەینێرێت، بۆیە ئەم وتەیە لەڕێگەی خەدیجەوە بڵاو بۆتەوە″ (Theophilus, 2011, 87; Theophanes, 1997,464-465).
ئەوەی پێویستە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، ثیۆفانیس یەکەمین نوسەرە ئاماژەی بەم ڕوداوە کردووە، پێدەچێت ئەم چیرۆکەی لە موسڵمانان خۆیانەوە بیستبێت و تۆماری کردبێت، دواتر ئەم ڕەخنەیە بووەتە خاڵێک بە بەردەوامی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە تاکو ئێستا، بۆ لێدان لە سروشی خودایی و پەیامبەری ئیسلام بەکارهاتووە.

مەسیحییەکانی ئەوێ چەند وێنایەکی تریشیان بۆی هەبوە، بۆنمونە نیکیتاسی بێزەنتی سروشی خودایی پەیامبەری ئیسلام ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەم کەسە لەگەڵ خۆیدا دواوە ئەمە دەیسەلمێنێت جنۆکە چۆتە گیانییەوە(Versteegh,1984 , 60)، واتا مەبەستی بووە بڵێ کەسێکی دەروناتەواو بووە. تەنانەت لەوەش زیاتر مەسحییەکانی ئەم سنورە گوتویانە سروشی پێغەمبەر سروشێکی شەیتانییە، نەک خودایی، خوداوەندی ئەویش شەیتانە، لەو باوەڕەشدابوون شەیتان ڕاستی لەگەڵ فێڵ تێکەڵ دەکات بۆ ئەوەی باوەڕداران بخاتە تەڵەوە، ئەم سروشە بەشێکە لەوە. سەرەڕای ئەوە چەند تایبەتمەندییەکی پەیامبەری ئیسلامیان بەکارهێناوە بۆ سەلماندنی ڕەتکردنەوەی پەیامبەرییەکەی، لەوانە ژیانی ئەو لە ژیانی مرۆڤی پیرۆز ناچێت و پەیامەکانی لەگەڵ باوەڕی ئایینی مەسیحی دژیەکیی هەیە(Nikolau,2007, 7, 72)، جگە لەمانەش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، لەلای موسڵمانان شایەدی زۆر گرنگە، دیارە کە مەبەستی قورئانە، کەچی پێغەمبەر خۆی شایەدی نییە بۆ پەیامبەرییەکەی و بێڕێزیش دەکات بە پەیامی پەیامبەرانی پێش خۆی و ڕەتیان دەکاتەوە، لەبەر ئەوە دەیانگوت ئەو بەناوی پەروەردگارەوە نەهاتووە، بەڵکو بەناوی خۆیەوە هاتووە و شایەدی نییە(Jeffry, 2013, 286,294)، سەرەڕای ئەمانەش بە هۆکارێکی تر پەیامبەریی ئەویان ڕەتدەکردەوە، ئەویش بە بیانوی ئیسلام هیچ پەڕجووەکی نییە، بۆیە ناکرێت پەیامبەر بێت (Caesarea, 2018, 9) هەروەک موساو عیسا و پەیامبەرانی تر کە پەڕجویان هەبوە، بۆیە مەسیحییەکان لە گفتوگۆکاندا دژی موسڵمانان بەکاریانهێناوە، دەیانگوت موسڵمانان بەهۆی نەبونی پەڕجووەوە، فەرمودەکانیان پڕکردووە لە پەڕجو (Nikolau ,2007, 7 ). گرنگیی ئەم بابەتە بۆ مەسیحییەکان، کە بەردەوام لەگەڵ موسڵماناندا لەسەری لە مشتومڕدابون، وێنای جیاجیایان بۆی هەبوە و نمونە و بەڵگەی جۆراوجۆریان بۆ هێناوەتەوە، خۆی لە ڕەتکردنەوەی سروشی خودایی پەیامبەری ئیسلامدا دەدۆزێتەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەرچاوەی قورئان، مانای ڕەتکردنەوەی بنەچەی خودایی ئایینی ئیسلام بووە و ئایینەکەیان لە سەرچاوەی خودایی دادەماڵێت و قورئان و گشت بیروباوەڕەکانیان بەهۆی ئەمەوە ڕەتدەکەنەوە.

## ٥. نەگونجانی قورئان لەگەڵ کتێبەکانی پێش خۆی:

مەسیحییەکانی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی، لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا و کۆکردنەوەی زانیارییان لەسەر قورئان، ئەو تێگەیشتنەیان لەلا دروستبووە، چەند بابەتێک هەیە لەگەڵ باوەڕی ئەوان و کتێبەکانیان یەکناگرێتەوە و پێیانوابووە قورئان لەماندا بەهەڵەدا چووە، بۆ نمونە ڕەخنەگرتن لە سوڕەتی (مریم/ ٢٨)، کە زۆرینەی نوسەرانی مەسیحیی بێزەنتی لەو بابەتە دواون، پێیانوایە قورئان هەڵەی کردووە لە وەی کە وایزانیوە مەریەمی دایکی عیسا خوشکی پەیامبەران هاڕون و موسایە، لەکاتێکدا ئەم دوانە ١٣٧٠ ساڵ و سی و دو نەوە جیاوازییانە ( Jeffry, 2013, 308; Palombo,2015 ,242; Kazhdan and Epstein, 1985,187)، بۆیە لایان وابو تێکەڵکردنی ئەم دو کەسایەتییە بەهۆی لێکچونی ناوەکەیانەوە نمونەیەکی بەهەڵەداچونی قورئانە(Nikolau,2007, 16). بابەتێکی تر کە سەرنجی نوسەرێکی مەسیحیی بێزەنتیی ڕاکێشاوە، بابەتی کڕنۆشنەبردنی ئیبلیسە بۆ ئادەم، دیارە ئەم بابەتە لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە و تێیدا هاتووە(وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ)(البقرة/ ٣٤) [7]، ئەناستاسیۆسی سینایی لەکتێبی پرسیار و وەڵامدا دەڵێت: ″ئەمە ئەفسانە و چیرۆکی یۆنانی و عەرەبە بتپەرستەکانە″ (Sinai,2011, 195)، لەبەر ئەوە بووەتە جێگای ڕەخنەی مەسیحییەکان، چونکە لەگەڵ کتێبە پیرۆزەکانیان دژیەکیی هەیە و لای ئەوان بەم شێوەیە باس نەکراوە. جگە لەمانەی خرانەبەرچاو، ئاماژە بە ژمارەیەک پەڕجو دەکەن، کە لە قورئاندا باسکراون بەناوی عیسا لە کاتی کۆرپەییدا، لەگەڵ باوەڕەکانیان بە نەگونجاوی دەزانن، دیارە مەبەستیان ئەم ئایەتانەیە، کە تێیدا هاتووە (وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ)(ال عمران/ ٤٦) [8] و (فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (٢٤) وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا)(مریم/ ٢٤-٢٥) [9]، بۆیە زیگابینیۆس ڕەتی دەکاتەوە عیسا هیچ جۆرە پەڕجویەکی لەو شێوەیەی لە کاتی کۆرپەییدا هەبوبێت، وەک ئەوەی لە قورئاندا باسکراوە و لەنێو ئایینی مەسیحیشدا هیچ شوێنەوارێکی ئەو پەڕجووە نییە ( Griffith, 1987, 348; Kazhdan and Epstein, 1985,187 ). پێویستە لێرەدا ئەوە بخەینەڕو، ئەم بابەتەی مەسحییەکانی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی وروژاندویانە، پێشتر لای مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات باس نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی شارەزاییان لە قورئان زیاتر بو. جگە لەمە، بەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، مەسیحییەکان هیچ زانیارییەکان لەسەر کەسایەتیی عیسا و باوەڕەکەیان قبوڵ نییە، ئەگەر لە نوسراوەکانی بەردەستیان باس نەکرابێت، تەنانەت ئەگەر پیاهەڵدانیش بوبێت بە عیسا و باوەڕیشیان، ڕەنگە ئەمەش لەوەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوان لە دەستپێکەوە تاکۆتایی، قورئان ڕەتدەکەنەوە و بە ناڕاستی دەزانن.

### ٦. بەهەشت و جیهاد:

بەهەشـــت و جیهاد وەک دو بابەتی تەواوکەری یەکتری، چەندین جار لە قورئاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەمەش بووەتە جێگای ســەرنج و ڕەخنەی مەســیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی و گشت ئەو نوسەرانەی لەسەر ئیسلام دواون و قسەیان لەسەر ئەم پرسـانە کردووە، هەوڵیانداوە ڕەخنە لە سـەرچاوەی سـەرەکیی ئەم دو بابەتە بگرن کە قورئانە. ثیۆفانیس، یەکێکە لەو نوسـەرانەی ڕەخنە لە جیهاد و بەهەشـت دەگرێت و دەڵێـت: ((محەمەد ئەو خەڵکانەی فێرکردبو، کە لەگەڵی بون و باوەڕیان پێهێنـابو، هەرکەسـێک دوژمنێک بکوژێت یان دوژمن بیکوژێت، ئەوا دەچێتە بەهەشـتەوە، بەهەشتێک کە پڕە لە خواردن و خواردنەوە، ڕوباری شـەراب و شیر و هەنگوین و جوتبون لەگەڵ ئـافرەتان بە بەردەوامی و کۆمەڵێـک شـــتی تری نەگونجـاو)) (Theophanes, 1997, 465).

بابەتی چێژەکانی بەهەشـــت کە لە چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە، بووەتە خاڵێکی ناکۆک لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان، ئەوەتا ئیمپراتۆر لیۆی ئایسوری، ســەرەڕای ڕەتکردنەوەی جیهاد لە پێناوی بەهەشــت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کتێبی پیرۆزدا بەهیچ جۆرێـک بەم شـــێوەیە بەڕونی و بەوردی باس لە ڕۆژی دوایی و ئـازارەکانی دۆزەخ و چێژەکانی بەهەشـــت نەکراوە، وەک ئەوەی لە قورئـانـدا هاتووە(Jeffry, 2013, 328)، بۆیە لیۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە هیچ باوەڕێکیان بەو ڕوبارانە نییە، کە باسی دەکەن و هیوایان بەوەش نییە چێژ لە کچانێک وەرگرن، کە بۆ هەمیشـــە بە کچێنی بمێننەوە؛ پێیوایە ئەم چیرۆکانە بەهۆی نەزانیی زۆر و بتپەرســـتییەوە دەرکەوتون (Hoyland,1994, 170; Jeffry, 2013, 328). (Arethas of Caesarea- ئارێتاسی قەیسـەری) [10] یەکێکی ترە لەو نوسـەرانەی ڕەخنەی لەو بەهەشـــتەی موســـڵمانان گرتووە، کە باوەڕیان پێیەتی و کۆمەڵێک پرسیاری لەلا دروستبووە، ئەویش ئەوەیە ئایا موسڵمانان لە بەهەشـتدا کە دەخۆن و دەخۆنەوە، پاشـــەڕۆکی ئەم مرۆڤـانە ، بۆنی بەهەشـــت تێکنـادەن؟ یان بەهۆی ئارەقکردنەوەی مرۆڤەکان بۆنی بەهەشت تێکناچێت؟(Caesarea, 2018,12).

لێرەوە ، دەشێت ئەو ڕەخنانەی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە بەهەشتیان گرتووە، بەســـەر دو لایەنـدا دابەش بکرێـت، یەکەم: جیـاوازیی تێگەیشـــتنی مەســـیحییەکان و موســـڵمانان لە شـــێوازی چونەبەهەشـــت؛ لای مەســـیحییەکان چونەبەهەشـت بەڕۆحە نەک بە جەسـتە، بۆیە بەتەواوی چێژی بەهەشـت و خواردن و خواردنەوە ڕەتدەکەنەوە. دووەم: بەشێکی ئەو ڕەخنانە پەیوەندیی بە نەبونی دیالۆگەوە هەیە؛ مەســـیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی نەیانتوانیوە گفتوگۆ و مشـــتومڕ لەگەڵ موسڵمانان بکەن، وەک ئەوەی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات کردویانە، بەهۆی بەیەکەوە ژیانیان، بۆ ئەوەی موســـڵمانان وەڵامی بەشـــێک لەو پرســـیارانە بدەنەوە، چونکە موســـڵمانانیش تێگەیشـــتنی تایبەت بەخۆیان هەبوە لەم دەقانەی کە جێگەی ڕەخنەی ئەوان بون، بۆیە کۆمەڵێک پرسیاری هاوشێوەی ئەوەی ئارێتاسی قیسەری لەبارەی پاشـــاوەی مرۆڤ لەلایان دروســـتبووە و وەک بابەتێک دژی قورئان و موســـڵمانان بەکاریانهێناوە.

### ٧. ڕەخنە لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی قورئان:

مەســـیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی، بەردەوام، لەنێو قورئـانـدا، بە دوای خـاڵە جیاوازەکانی نێوان خۆیان و موســـڵماناندا گەڕاون، بۆیە ڕەخنەیان لە کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵایەتیی نێو دەقەکە گرتووە، بۆ نمونە بابەتی فرەژنی، یەکێکە لەو مەســـەلانەی زۆرینەی مەســـیحییەکان لەســـەری دواون و تاکۆتاییی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت و سەرەتای سەردەمی ڕینەسانسیشدا زۆر جەختیان لەم بابەتە کردۆتەوە(عمر،٢٠٢٢، ٤٦)، ئاماژەیان بۆی کردووە بەهۆی ئەوەی لەلایەن پێغەمبەرەوە ڕێگەتان پێدراوە، خوتان بە فرەژنی و بەکەمتەماشـــاکردنی ڕەگەزی مێ گرتووە (Hoyland,1994, 170). ئەم بابەتە پێشـــوتر لەلایەن مەســـیحییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە وروژێندراوە و ئاماژەیان بۆ ئایەتەکانیش کردووە، بەڵام مەسـیحییەکانی ئەوێ ناوی قورئان ناهێنن و ئەم کارە دەدەنە پاڵ پەیامبەری ئایینەکە و ئاماژە بە ئایەتەکانی قورئان ناکەن، بۆیە پێدەچێت زارەکییانە لە مەســـیحییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە گوێیان لێ بوبێت، نەک خۆیان لەڕێگەی هەڵســـەنگاندنی قورئان بەم زانیارییە گەیشـــتبن. هەر لە ڕێگەی وروژاندنی فرەژنییەوە هێرشـیان کردۆتە سـەر پەیامبەری ئیسـلام، یەکێک لەو بابەتانەش کە زۆر لەبارەیەوە دواون، بابەتی هاوسـەرگیریی نێوان زەینەب و پەیامبەری ئیسـلامە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەمەدا پێغەمبەر ئارەزوی خۆی هێناوەتە پێش و ســـەرکەوتو بووە لە ڕاکێشانی ژنەکەی زەید بەلای خۆیدا(Caesarea, 2018,12)، بەڵام لە هەمو ئەمانە خراپتر، تۆمەتبارکردنی موسڵمانانە بەوەی خودا تۆمەتبار دەکەن، گوایە خودا نوسـەری ئەم کارە خراپەیە نەک محەمەد، ئەمەش کوفرێکی گەورەیە(Jeffry, 2013, 324)، سەرەڕای ئەوەی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی ئاماژەیان بە ئایەتەکە نەکردووە، بەڵام دیارە ئاگاداری ئەوە هەبوون، ئایەتێک لە نێو قورئاندا لەو بابەتە دواوە، بۆیە پێیانوابووە پەیامبەری ئیســـلام قورئانی بۆ مەبەســـتی تایبەتیی خۆی بەکارهێناوە و لەوێشدا بەهۆی ئەمەوە هێرش دەکەنە سەر خودایبونی قورئان.

بەگشـــتی مەســـیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی، لە ئەنجـامی مـامەڵە یان گواستنەوەی زانیاری بۆیان، ئاگاداری ئەوە هەبوون لەنێو قورئاندا چەند شتێک هەیە ڕێگەپێنەدراوە و یاسـاغە و موسـڵمانان بە حەرامی دادەنێن، زانیویانە خواردنەوەی مەی و خواردنی گۆشـــتی بەراز و زینا ڕێگەپێدراو نییە (Theophilus, 2011, 87; Nikolau,2007, 12-13)، مەسیحییەکانی بێزەنتی سەرنج و تێبینیی خۆیان لەسەر ئەم قەدەغەکراوانەش هەبوە، بۆ نمونە قەدەغەکردنی مەی بەهۆی ئەوەی لە پەیمانی کۆن و لە کولتوری مەسیحییەکان قەدەغە نەبوە و بەشێک بووە لە پێداویستیی ڕۆژانەیان، بۆیە لایان وابووە ئەم قەدەغەکردنە بۆخودا ناگەڕێتەوە و باوەڕی تایبەتی خۆیانە. ســـەبارەت بە حەرامکردنی گۆشـــتی بەرازیش وەک ڕیشـــەیەکی ئایینی یەهودی ســـەیریانکردووە و لێکیانـداوەتەوە، ئەمەش پەیوەنـدیی تەواوی بە تێگەیشـــتنی مەسیحییانەی نوسەرانەوە هەیە؛ ئەوەتا بۆ حەرامکردنی مەی دەگەڕێنەوە سەر پەیمانی کۆن و پێیانوایە بەهۆی ئەوەی لەوێ قەدەغە نەکراوە، بۆیە ناشـێ حەرام بێت، بەڵام بۆ قەدەغەکردن و نەکردنی گۆشـــتی بەراز نەگەڕاونەتەوە بۆ پەیمانی کۆن، کە لەوێدا خواردنی ڕێگەپێنەدراوە، ئەمەش پێماندەڵێت ئەوان بەتەواوی لەژێر کاریگەریی باوەڕی مەسیحییانەی خۆیان هەوڵیانداوە لە قورئان تێبگەن و شیکردنەوەیان بۆ کردووە.

### ٨. ئەنجام:

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١- زانیاریی مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریای بێزەنتی، لەبارەی قورئان، کەموکورتیی هەیە، ئەو ڕەخنانەشی لە بارەی قورئان هەیانبو، تا ڕادەیەکی زۆر نوێ نەبون، بەڵکو هەمان ڕەخنەی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بو، پێشتر لەلایەن ئەوانەوە وروژێندرابون، تەنیا چەند بابەتێکی کەم نەبێت بۆ یەکەم جار لەلایەن ئەوانەوە باسکراوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp286-295

٢-ئەو ڕەخنانەی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی لە قورئان گرتبویان، ئاماژەیان بە ئایەت و سورەتەکان نەکردبو، بەڵکو ناوەرۆکی بابەتەکەیان وروژاندووە، ئەمەش بەوەمان دەگەیەنێت ئەو زانیارییانەیان زیاتر بەشێوەیەکی زارەکی وەرگرتووە و پشتیان بە گێڕانەوەی زارەکی بەستووە، نەک خۆیان لەئەنجامی خوێندنەوەی قورئان پێی گەیشتبن.

٣- مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی، سەرەڕای ئەوەی قورئانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی یۆنانی، بەڵام تارادەیەکی زۆر لە وەرگێڕانیدا سەرکەوتو نەبون؛ بەڵکو هەڵە و کەموکووڕیی زۆری تێدابو، بەچەشنێک کە مانای ئایەتەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، ئەمە جگە لەوەی لە تێڕوانینێکی باوەڕدارانەی مەسیحییەوە وەرگێڕدراوە نەک قورئان وەک خۆی.

٤-نوسەرانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی کاریگەریی کەمیان بەسەر یەکترەوە هەبوە و بە کەمی سودیان لە بۆچون و تێڕوانینی یەکتری وەرگرتووە؛ لەسەر یەک بابەتی دیاریکراو چەند بۆچون و وێنای جیاوازیان هەبوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات نوسینەکانی یەکتریان نەخوێندۆتەوە یان هەریەکەیان بە سەربەخۆ کاریان کردووە.

٥-مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای بێزەنتی سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی توندیان لە قورئان هەبو و ڕەتیانکردۆتەوە دان بەوەدابنێن سەرچاوەی خودایی هەبێت، بەڵام نیکیتاسی بێزەنتی لە یەکێک لە دەرپرینەکانیدا پەسنی قورئان دەکات، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە تێڕوانینیان بۆ قورئان، پێشوتر وێنای لەم شێوەیان بۆ قورئان نەبوە و تەنیا ڕەخنەیان لێی گرتووە.

## سەرچاوەکان و ژێدەرەکان:


قورئانی پیرۆز وەرگێرانی هەژار موکریانی.

عمر، چیا جوهر(٢٠٢٢)، ئیسلام لەدیدی مارتن لۆتەر، گۆڤاری زنکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی پێنجەم، ژمارە ٢.
https://jhss.koyauniversity.org/index.php/jhss/article/view/685/192

إبن تيمية، شيخ الاسلام(1995)، الفرقان بين الحق والباطل، تعليق: محمد ابو وفا عيد، قاهرة.

زكايا، أنجليكي غريغوري (2010)، الاســـلام في كتابات العصر ــ البيزنطي بين الحوار و المناظرة ، التسامح، عدد: 29، ترجمة: ميخائيل جورج سولومونيدس.

العســـكري، أبا أحمد الحســـن بن عبدالله بن ســـعيد(1943)، شرح ما يقع فيه من التصـــحيف والتحريف، تحقيق: عبد العزيز أحمد، القاهرة.

Brownworth, Lars (2009) Lost to the West: The Forgotten Byzantine Empire That Rescued Western Civilization, Crown.

Brzozowska, Zofia and Leszka, Miroslaw (2022), The Quran in Medieval Slavic writings, Vox Patrum, No:83.

Caesarea, Arethas (2018), Lettre à l'émir de Damas sur la religion des sarrasins, Traduction d'Abel.

Griffith, Sidney (1987), Anastasios of Sinai, the Hodegos, and the Muslims, Greek Orthdox theological,Vol 32,No.4.

Hagemann, Ludwig (2009), Schriften zum Islam von Arethas und Euthymios Zigabenos und Fragmente der griechischen Koranübersetzung, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden.

Hansen, Benjamin (2023), Moking Christians in the Umayyad Levent, Anastasius of Sinai and Christian Rites of maintenance, studes in church history, Vol.60, Cambridge university press.

Hoyland, Robert (1994), THE CORRESPONDENCE OF LEO III (717-41) AND ‘UMAR II (717—20), ARAM, 6.

Hogel, Christian (2012), The Greek Qur’an: Scholarship and evaluations, University of Southern Denmark.

Hogel, Christian (2010), An early anonymous Greek translation of the Qur’ān The fragments from Niketas Byzantios, University of Southern Denmark.

Jeffery, Arthure (1944), Ghevond's Text of the Correspondence between 'Umar II and Leo III, The Harvard Theological Review, Vol. 37, No. 4.

Kazhdan, A. and Epstein, Ann Wharton (1985), Change in Byzanine Culture in The Eleventh and Twelfith Centures, University of Califoria Press, Los Angeles.

LEE, Benjamin de (2019), Niketas Byzantios, Islam, and the Aristotelian Shift in ninth-century Byzantium, Mainz: Verlag des Römisch-Germanischen Zentralmuseums.

Meyndorf, John (1963), Bezyntine views of Islam, Domberton Oaks.

Nikolau, Stefano, (2007) A survey of byzantine responses to Islam.

Palombo, Cecilia (2015)The “correspondence” of Leo III and ‘Umar II: traces of an early Christian Arabic apologetic work, Millennium, Volume 12 Issue 1.

Sanai, Anastasios (2011), Qustions and Answers,Tr: Joseph A. Munitiz, Brepols Publishers, Belgium.

Schdler, Peter, (2018), John of Damascus and Islam, Leiden and Boston, Bril.

Theophanes, Confessor (1997), The Chronicle of Theophanes Confessor, Oxford University Press, Great Clarendon Street, Oxford New York.

Theophilus, Edessas (2011), chronicle, Translate: Robert Hoyland, Liverpole University press.

Ulbricht, Manolis (1941) The Authorship of the Early Greek Translation of the quran, Dumbarton Oask papers, N.77.

versteegh, kess (1984), Greek Translation of the second confaerance on Greco- Arab relation at Delphi.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp286-295

## موقف الإمبراطورية البيزنطية من القرآن الكريم بين القرنين السابع والثاني عشر الميلادي: تحليل نقدي للتفاعل الجدلي الديني والسياسي

**ملخص:**

تتناول هذه الدراســة بالتحليل النقدي الموقف البيزنطي من القرآن الكريم ضمن الإطار الزمني الممتد من القرن الســابع حتى القرن الثاني عشرــ الميلادي (القرن الأول حتى السادس الهجري)، مستعرضةً التفاعلات المركّبة التي نشأت جرّاء التوسع الإسلامي داخل أراضي الإمبراطورية البيزنطية، وما تبع ذلك من تصاعد في حدة المواجهة الفكرية والدينية والعســكرية بين الجانبين. يُعالج البحث القرآن الكريم بوصــفه حجر الزاوية في التكوين العقدي للمجتمع الإســلامي، ومن ثم كرمز مركزي في المعترك الحضــاري بين الإسلام والمسيحية البيزنطية. وقد ساهم هذا النص المقدّس في بلورة نمط من الخطاب الجدلي عبر القرون، تمحور حول فهم النص الإسلامي ومحاولة إعادة تأطيره ضمن منطق لاهوتي بيزنطي قائم على الدفاع والاحتواء. تعتمد الدراســة منهجية التحليل النقدي للخطاب، من خلال مقاربة تاريخية مقارنة تجمع بين تحليل المصادر اللاهوتية والكتابات الجدلية. تشير نتائج الدراسة إلى أن الدوافع البيزنطية لترجمة القرآن الكريم لم تكن معرفية خالصــة، بل مثّلت جزءًا من مشرــوع لاهوتي-أيديولوجي يهدف إلى تحجيم النفوذ العقائدي للإســلام. وقد جاءت تلك الترجمات محمّلة بتأثيرات واضحة من الجدالات المسيحية الشرقية، لا سيما السريانية والقبطية، ما يدل على تشابك الموقف البيزنطي مع فضاء أوسع من التفاعلات المسـيحية-الإسـلامية في المشرـق، وهو ما أسـهم في تشـكيل صـورة نمطية أثرت على الفكر الغربي خلال العصـور الوسـطى اللاحقة، مما يفتح آفاقاً بحثية جديدة لفهم أعمق لطبيعة العلاقات التاريخية والثقافية المعقدة بين العالمين الإسلامي والمسيحي في تلك الحقبة.

**الكلمات المفتاحية:** الإمبراطورية البيزنطية، القرآن الكريم، اللاهوت الجدلي، الجدال الديني، الاستراتيجيات الأيديولوجية

## The Byzantine Empire's Stance on the Qur'an between the 7th and 12th Centuries: A Critical Analysis of Theological and Political Dialectics

ABSTRACT

This study critically examines the Byzantine Empire's engagement with the Qur'an within the historically intricate period spanning the 7th to the 12th centuries CE (1st to 6th centuries AH). It situates this engagement within the broader context of the military, political, and religious encounters that unfolded in the aftermath of Islamic expansion into Byzantine territories. Central to this inquiry is the Qur'an, not merely as a sacred Islamic text, but as a potent epistemological and symbolic axis around which much of the interreligious dialectic revolved. The research adopts a discourse-critical methodology grounded in a comparative historical framework. It integrates the analysis of theological texts with an in-depth exploration of Greek translations of the Qur'an, examining their ideological function and exegetical implications. The study is structured into three main chapters, preceded by a theoretical introduction. Findings indicate that these translations did not arise from purely hermeneutic or scholarly motivations. Rather, they were shaped by a strategic theological intent to assimilate the Islamic text critically—an act of "critical assimilation—"to undermine its doctrinal authority while reinforcing the Christian polemical stance. These renderings often reflect theological distortions and selective readings, heavily influenced by the Syriac and Coptic traditions of Christian-Muslim disputation. This suggests that the Byzantine approach was not isolated but enmeshed within a broader network of Eastern Christian engagements with Islam.

KEYWORDS: Byzantine Empire, Qur'an, Comparative Theology, Religious Polemics, Ideological Strategies.

**پەراوێزەکان**

[1] . نوسەرو ڕاهیبێکی یۆنانییە لە ساڵی ٦٣٠ز/ ٨ک لە قوبرس لەدایکبووە، لە ساڵی (٧٠٠یان ٧٠١ز/ ٨١ک) کۆچی دوایی کردووە. توێژەرێک پێیوایە ئەناستاسیۆس لە بنەڕەتدا ناوی (ماهان)ە و سەرکردەیەکی سەربازیی بێزەنتی بووە، پاش شکستخواردنی لە ڕزگارکردنەوەی خاکی شام لەدەستی موسڵمانان، نەیوێراوە بگەڕێتەوە لای ئیمپراتۆر هێراکلیس و بەناچاری چووەتە چیای سینا و بووە بە ڕاهیب و نازناوی ئەناستاسیۆسی سینایی وەرگرتووە، یەکەمین کەسە بە نوسراو ڕەخنەی لە موسڵمانان گرتووە، بەتایبەت لە کتێبەکانی (ڕێبەر- Hodegos) ( لێکۆڵنەوە و وەڵامەکان (Interrogationes et Responsiones)( Hansen, 2023,98,101; Sanai,2011, 9-10;Griffith, 1987,342-343)، تەنانەت توێژەرێک پێیوایە کتێبەکانی ئەو بووە بە سەرچاوەیەک بۆ نوسینەکانی یوحەنا دیمەشقی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ ئەم لێکدانەوەیە(Schdler,2018, 119).

[2] . نوسەر و شرۆڤەکارێکی دیاری کتێبەکانی تەورات و ئینجیلە، لە دەوروبەری ساڵی (١٠٥٠ز/٤٤١ک) لەدایکبووە، هاوڕێی نزیکی ئیمپراتۆری بێزەنتی ئەلێکسیۆس کۆمینۆس بووە، ڕاهیب بووە لە کڵێسای مەریەمی پاکیزە لە نزیک کۆنستەنتیناپۆڵ، لە ساڵی ١١١٠ز بەهاندانی

ئیمپڕاتۆر کتێبێکی دورودرێژی لەسەر ئەوانە نوسیوە کە بە هەڵگەڕاوەی زانیون، وەک ئەرمەن و یەهودی و موسڵمانان، لەدەوروبەری ساڵی( ١١٢٠ز/٤٩٩ک) کۆچی دوایی کردووە (Hagemann, 2009, 12-13).

[3] . لیۆی سێیەم کە بە لیۆی ئایسوری ناسراوە، لە دەوروبەری ساڵی( ٦٧٥ز/ ٥٥ک) لە شاری مەرعەش لە خێزانێکی بەڕەچەڵەک سوری لەدایکبووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت زمانی عەرەبیی زانیبێت، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٧١٧-٧٤١ ز) ئیمپڕاتۆر بووە، توانیویەتی سەرکەوتوبێت دژی ئەو پەلامارانەی دەوڵەتی ئومەوی دەیکردە سەر سنوری ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی، دژی بەپیرۆزکردنی ئایکۆنەکان بو و ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی تاڕادەیەک سەقامیگر بو( Brownworth, 2009, 135-136).

[4] . بۆ نمونە لە سورەتی (البقرة/ ٧٥).

[5] . مێژونوس و ڕاهیبی مەسیحی ثیۆفانیس لە دەوروبەری ساڵی ٧٥٩ز لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی کۆنستەنتیناپۆڵ لەدایکبووە و ئەندامی چینی ئەرستۆکراسی شارەکەی بووە، دوای مردنی باوکی لە دەرباری ئیمپڕاتۆر کۆنستەنتینی پێنجەم بەخێوکراوە و پەروەردەکراوە و چەندین پۆستی جیاجیای لە دەربار پێدراوە، دواتر ژیانی خۆی بۆ نوسین و خوداپەرستی تەرخانکردووە، یەکێک لە بەناوبانگترین نوسینەکانی کتێبی مێژوی ثیۆفانیسە، کە ڕوداوە مێژوییەکانی نێوان ساڵانی ٢٨٤تاکو ٨١٣ز تۆمارکردووە و لە ساڵی ٨١٧ یان ٨١٨ز کۆچی دوایی کردووە( Theophanes, 1997,Xliii,Liv).

[6] . ئەستێرەناس و مێژونوس و وەرگێڕێکی یۆنانییە، لەماوەی نێوان ساڵانی (٦٩٥ بۆ ٧٨٥ز) ژیاوە و بە ثیۆفیلۆسی ئۆدیسایی ناسراوە، شارەزاییەکی زۆر باشی لە زمانەکانی عەرەبی و سریانی و یۆنانیدا هەبوە؛ چەندین کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سریانی، بۆ ماوەیەک لە دەرباری کۆشکی خەلیفەی عەباسی (مەهدی 745-785ز/ ١٢٧-١٦٩ ک)، بەهۆی شارەزایی لە ئەستێرەناسی، کاری کردووە، یەکێک لە دیارترین کتێبەکانیشی مێژوی ثیۆفیلوسە(Theophilus,2011,6-7).

[7] . فەرمانمان بە فریشتان دا، کڕنۆش لەبەر ئادەم بەرن، غەیرەز ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد، ئەو کە خۆی بە زلتر زانی، سوژدەی نەبرد و سپڵە بوو(هەژار/ ٦).

[8] . لە بێشکەدا و بە گەورەییش، قسە لەگەڵ مەردم دەکا و یەکێک لە پیاوچاکان دەبێ (هەژار/٥٦).

[9] . لەخواروی وێڕا بانگی کرد، خەمت نەبێت پەروەرندەت لەژێر تۆڕا جۆگە ئاوێکی پێکهێنا، کۆتەرەی ئەو دارخورمایەش بهەژێنە خورمای تازە پێگەیشتووت بەسەردا دەوەرێنێ (هەژار/٣٠٦).

[10] . ئارتێتاسی قەیسەری لە ساڵی ٨٥٠ز، لە پاترای سەر بە ناوچەی پیلۆپۆنیز لەدایکبووە و لە شاری کۆنستەنتیناپۆڵ خوێندویەتی و پێگەیشتووە، شرۆڤەکارێکی دیاری کتێبە پیرۆزەکان بووە و زۆر کاریگەر بووە بە فەلسەفە و بەرهەمی کلاسیکی یۆنانی و ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی هەیە، یەکێک لە دیارترین بەرهەمەکانی نامەیەکە بەناوی (نامەیەک بۆ میری دیمەشق)، بە فەرمانی ئیمپڕاتۆر (ڕۆمانوسی یەکەم ٩٢٠-٩٤٤ز) نوسیویەتی، تێیدا پارێزگاری لە باوەڕی مەسیحییەکان دەکات و ڕەخنە لە موسڵمانان دەگرێت(زکایا، ٢٠١٠، ١٤-١٥).